# ناساندنی چەند پرۆگرامێک بۆ بەرێوەبردنی تۆڕی کۆمپیوتەر



فریدون صالح



ئـەو پێشـــکەوتنانەی کە جیهان بە خۆیەوە دەبینـێ وایکردووە کـە بەکارهێنانـی کۆمپیوتـەر روو لـە زۆر بوونـدا بێـت. تەنانەت ئەمرۆکە لە ماڵێک چەند کۆمپیوتەرێک هەیـە بۆ نموونە دەشـێ دایک و بـاوک بە هۆی کارەکانیانەوە خاوەن لاپتۆپ بن ومنداڵەکانیـش هەریەکەیـان لە ژووری خۆیان کۆمپیوتەرێکیان بۆ دانرابێت.

لـە دام و دەزگا و بەرێوەبەرایەتییەکانیـش بـە رێژەیەکی زۆر کۆمپیوتەر هەیە کـە گواسـتنەوەی زانیارییەکان زۆر جـار قەبارەیـان گەورەیە ویـا بنکەیەکـی دراو (data base) یـک هەیە کـە هەموو دەزگاکان کار بـەم بنکـە دراوە دەکـەن و یا بەرێوەبـەری تۆر دەیەوێـت چاودێـری تۆڕەکـە بـکات، هەروەهـا بەرێوەبـەر دەیەوێـت نووسـراوەکان بـە شێوەی ئەلکترۆنی بۆ بەشـەکان بنێرێت کە ئەمانەش سەرەتایەکی حوکمەتی ئەلکترونیە. حکومەتـی هەرێمـی کوردستان بەرنامەی بـۆ دارێشـتووە و بـە نیازە لـە داهاتوو جێبەجێی بکات.

لـەم بابەتـە دەمانەوێـت چەند پرۆگرامێکتان پێ بناسێنین:

## پرۆگرامی Netvizor:

ئـەم نەرمەواڵەیە کە کومپانیای (spy tech) بەرهەمی هێناوە. پرۆگرامێکـی زۆر بـە توانایـە و چاودێـری کردنـی گشـت چالاکییەکانـی کۆمپیوتەرەکانی نـاو تـۆڕ دەکات. دەتوانیـن بە گشتی ئەم خزمەتگوزارییانە بە سەر چوار بەش دابەش بکەین:

1. Surveillance and monitoring (چاودێـری و بینین):

ئەم پرۆگرامە گشت چالاکییەکانی کۆمپیوتـەرەکان ئەنبـار دەکات. ئێـوە دەتوانـن بە هۆی کومپیوتەری ناوەندیتـان ئەم چالاکیانە ببینن. لەمانە هە مـو و دوگمەکانـی تایـپ کـراو لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی،






نامە ئالوگۆرکراوەکان، گشت پەیوەندییە ئینتەرنێتییەکان کە بە هۆی هەر نەرمەواڵەیەک ئەنجام درابێت. چالاکییەکانی ناو ئینتەرنێت و دابەزاندنی هەر پرۆگرامێک و پەنجەرەکراوەکان، دەق وە یا وێنە چاپکراوەکان یا هەر وشەی نهێنییەک کە چاپ دەکرێت وەکو راپۆرت پێتان دەڵێت.

دەکرێ ئەم راپۆرتانە بە شێوەی Real Time واتە راستەوخۆ ببینرێ یا لە شوێنێک ئەنبار بکرێت و دواتر بخوێندرێتەوە.

### 2. Remote administration (کۆنترۆل کردن لە رێگای دوور):

بە هۆی بەشی system security suditing دەچێتە ناو سیستەم و گرفتەکانی ریجستەری و یا تووش بوون بە ڤایرۆس چارەسەر دەکات. بە هۆی بەشی system navigation management دەتوانین بە سانایی گشت فایلەکانی ناو کۆمپیوتەر ببینین وە یا دەستکاری بکەین. تەنانەت دەتوانن ئەم پرۆگرام و فایلانە کە کراونەتەوە یا کاریان پێ دەکرێت ببینن. دەتوانن هەر کاتێک بتانەوێ ئەو کۆمپیوتەرەی کە مەبەستتانە lock بکەن و یا کۆنترۆلی تەواوی بگرنە دەست و بەپێی ویستی خۆتان کیبۆرد یا ماوس بە کاربێنن یا ئەو ماڵپەڕەی کە دەتانەوێ لەسەر کۆمپیوتەرەکە بکەنەوە، تەنانەت دەتوانن کۆمپیوتەرەکان لەبەردەست و ویستی خۆتان بێت.

### 3. Security and stealth features

ئەم پرۆگرامە بە شێوەیەکی نهێنی لە هەموو کۆمپیوتەرەکان دادەبەزێت و هیچ کام لە بەکارهێنەرەکان ئاگادار نین لە بوونی و تەنانەت لە task managerیش بەدەر ناکەوێ و لە start up ریجیستەریش نادۆزرێتەوە. (log)ە ئەنبار کراوەکان جگە لە لایەن بەڕێوەبەر بە هیچ کەسێکی تر ناخوێندرێتەوە و دەتوانێ لە کاتی دیاریکراو زانیارییەکان ئەنبار بکات یا کۆمپیوتەرەکە lock بکات و بیگوژێنێتەوە. پرۆگرامەکە لە شێوەی (password protection) کەسی تر جگە لە بەڕێوەبەر ناتوانێ بچێتە ناو پرۆگرامەکە و کۆنترۆلی پرۆگرامەکە بکات.

### 4. Content filtering features :

ئەم پرۆگرامە تەنیا وەکو پرۆگرامێکی جاسوسی کار ناکات بەڵکو توانایەکی تری هەیە کە دەتوانێ وەکو فیلتەرێک کاربکات و دیاری بکات چ پرۆگرامێک بکرێتەوە وبە چ پرۆگرامێکی چەت بتوانێت کار بکرێت وتەنانەت ئێوە دەتوانن ناوی هەندێ ماڵپەری پێ بدەن تا فیلتەری بکات و ئەگەر کۆمپیوتەرێک ئەم سایتەی کردەوە یا پرۆگرامێکی بە کارهێنا کە لە لیستەکەدا هەبوو ئەوە بە ئیمێلێک ئاگادارتان دەکاتەوە بە گشتی دەتوانین بڵێن کە ئەم پرۆگرامە لە کتێبخانەکان و یا کافی نێتەکان و دامودەزگاکان و شوێنەکانی تر بە کار دێت.

بۆ زانیاری زیاتر و دابەزاندن سەردانی ئەم ماڵپەرە بکە:

http://www.downloadbazar.com/archives/001710.php



## پرۆگرامی Cyber café pro:

پرۆگرامێکی تر کە دەمانەوێ باسی لێوە بکەین پرۆگرامێکی تری بە توانای چاودێری کردن و رێکخستنی تۆڕەکانی کۆمپیوتەرییە کە کۆمپانیای celco بەرهەمی هێناوە. دەتوانێ هاوکات 160 کۆمپیوتەر و سیستەم (وەکو پرینتەر، صندوقی داهات،...) لە یەک کات بەرێوە ببات وئیتر پێویستی بە کات و تێچوو بۆ ئەم کارە نیە و هەموو کارەکان بە شێوەی ئوتۆماتیکی و هۆشمەندانە و بە وردییەکی زۆر بە هۆی ئەم پرۆگرامە ئەنجام دەدرێت.

تواناکانی Cyber café pro 5

- بەرێوەبردنی تەواو و هاوکاتی 160 سیستەمی ناو تۆڕ لە یەک کاتدا.
- توانای دروست کردنی ئاکانت بۆ بەکارهێنەرانی ناو تۆڕ بە ئەندازەیەکی رەها.
- توانایەکی تایبەتمەند و باش بۆ رێکخستنی esrb بۆ تەمەنی جۆراوجۆر کە لە هەر سیستەمێک چ سنوردارییەک بە پێی تەمەن دابندرێت.
- گرتنی وێنە و پیشاندانی شاشەی سیستەمەکان و ئاکانتەکانی ناو سیستەم کە کار دەکەن.
- رێکخستنی ئەکانتەکانی بۆ وەرگرتنی پارە لە پێش یا لە دوای بەکارهێنانی ئینتەرنێت.
- تۆمار کردنی راپۆرتی تەواوی کات و بڕی پارەی هەر بە کارهێنەرێک پاش تەواو بوونی و چاپکردنی بە هۆی پرینتەرەوە.
- دانانی سنوردارییەتی جۆراوجۆر بۆ ناوی هەر بەکارهێنەرێک و گرووپێکی بە کارهێنەری تایبەت.
- خستنە ژێر چاودێری بڕی باندی بەکارهاتوو
- سیستەمی تۆمار کردنی داواکارییەکانی بەکارهێنەران
- لە کارخستنی زۆربەی ئەو کاروبارانەی کە گرفت دروست دەکەن وەکو کۆنترۆڵ کردنی رەقەواڵە، کۆنترۆڵ پەنەل، داونلۆد کردن ... هتد
- رێککەوتن لەگەڵ سکانەر و پرینتەرەکان.

بۆ زانیاری زیاتر و دابەزاندن سەردانی ئەم بەستەرە بکە:

http://www.downloadbazar.com/archives/002027.php




## پرۆگرامی Net Palpus:

بەرێوەبەرانی تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان زۆر جارلە تۆڕ تووشی گرفت دەبن بۆ نموونە نەناسینەوەی هەندێ لە کۆمپیوتەرەکان بە خێرایی بۆ نموونە لە تۆڕ بەنیازن فایلێک بۆ یەکێک لە کۆمپیوتەرەکانی تۆڕ بنێرن بەڵام ئەم کۆمپیوتەرە لە ناو تۆڕ نادۆزرێتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا لە تۆڕیشدا هەیە. بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە دەبێ ماوەیەک خەریک بین کرداری وەک پینگ /Ping پەیوەندی نێوانیان دروست بکەین هەروەها دەتانەوێ جۆری ئامێرەکان، ویندۆزەکان، ژمارەی پرینتەرەکان و ... هتد بزانن هەروەها چێک کردنی سیستەمەکان بزانین کاردەکەن یا ناکەن وە یا گرفتیان هەیە یا نا.

Net Palpus، هەموو ئە پرسیارانە وەڵام دەداتەوە و چارەسەری ئەم گرفتانەش دەکات. ئەم نەرمەواڵەیە توانای دیارکردن و چارەسەرکردنی زۆربەی گرفتەکانی هەیە. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم نەرمەواڵەیە:

ناسینەوەی خێرای ئامێرەکانی ناو تۆڕ و جۆریان.

چاودێری کردنی بارودۆخی سیستەمەکان و ئەو ئامێرانەی کار دەکەن.

توانای ئاگادارکردنەوە لە کاتی دروست بوونی گرفت لە ناو تۆڕ.

پێدانی راپۆرت لەبارەی ئەو ئامێر و سیستەمانەی کار دەکەن.

پشتگیری کردنی SNMP

بۆ زانیاری زیاتر و دابەزاندن سەردانی ئەم بەستەرە بکە:

http://www.downloadbazar.com/archives/000897.php